# پیرۆزبێ 108 هەمینساڵی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!
کوردستانییەکان!

11 گوڵانی ئەمساڵ 108 هەمین ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی پێشەوای گەورەی کورد، قازی محەممەدە .

قازی محەممەد 108 ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی 11ی گوڵانی 1279 هەتاویی (1900 زایینیی) لە شاری مهاباد لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و پایەبەرزی کۆمەڵایەتی لە دایکبوو.

قازی محەممەد سەردەمی لاویی بە خوێندن و فێربوون بردەسەر و بەڵگە نامەی خوێندنی زانستی "معقول" و "منقول" (نحو، صرف، منطق، بلاغە، اصول، فقە و کلام) وەرگرت. هەروەها بۆ بردنەسەرێی ئاستی زانستی و زانیاری خۆی، زمانەکانی ئینگلیزی، رووسی و فەرەنسیی خوێند و بێجگە لە زمانی دایکیی خۆی، زمانەکانی فارسی، ترکی و عەرەبی و ئێسپرانتۆی دەزانی. پێشەوا لە تەنیشت هەبوونی پلەی زانستی دا، شارەزایەکی هەڵکەوتووی بوارەکانی ئایین، سیاسەت و کۆمەڵگا بوو. کەسایەتی و رەوشت و ئەخلاقی بەرز و تایبەتمەندییەکانی دیکەی، پێگە و پلەیەکی کۆمەڵایەتیی وای پێدا بوو کە ببووە جێی پرس و راوێژی خەڵکی مهاباد و بەبێ قسەی ئەو هیچ پرسێکی گرینگی شارەکە چارەسەر نەدەکرا. ئەو رووناکبیری هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی و پێشەوای راستەقینەی کۆمەڵگاکەی بوو.

پێشەوا قازی محەممەد، لە ژیانی سیاسییدا، گەورەترین دەسکەوتی بۆ نەتەوەی کورد تۆمار کرد. ئەو بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ناسیونالیزمی کوردیی لە بزووتنەوەیەکەوە گەیاندە ئاستی دەوڵەتێکی مۆدێرنی نەتەوەیی. پێشەوا بەو هەنگاوە مێژووییە کەسایەتی و ناسنامەی بە بەر کوردا کردەوە و کۆمارەکەی کردە سیمبولی یەکێتی نەتەوەیی کوردان. لە سایەی بیر و عەقڵی پێشەوادا، لە ماوەی 11 مانگ تەمەنی کۆماردا، ئەوەندە دەسکەوت و پێشکەوتنی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەدەسهات کە بوونە پێناسە بۆ شارستانیەت و کلتور و دەسەڵاتی کوردی.

میراتی سیاسیی پێشەوا، ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەکرێ ببێتە دیسکۆرسی هاوبەشی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. هەر سوێندی سەرۆک کۆماریی و وەسیتنامەکەی مانیفێستی ئازادیی کوردستانن.

قازی محەممەد، وەك لە ژیاندا بۆ کورد، پێشەوا و داهێنەر بوو، لە مەرگیشدا هەر بەو تەرزە بوو. ئەو رێگای رۆیشتنی لە بەردەم ئاواڵە بوو، بەڵام مەرگی هەڵبژارد بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بە سلامەت دەرچن. مەرگی قازی محەممەد لێوا و لێو پڕ بوو لە ژیان. جۆرێکی دیکەی سوور بوون لە سەر پەیمان و بەڵێنی نەتەوەیی بوو. قازی محەممەد سوقراتی زەمان بوو.

پارتی ئازادیی کوردستان باشترین وەفا و ئەمەگناسیی بۆ پێشەوای شەهید لە وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا دەبینێ. هەر بۆیە بە هاتنە مەیدانی، ئاڵاکەی ئەوی هەڵکردەوە و کردیە بەشێك لە ناسنامەی سیاسیی و رێکخراوەیی خۆی و لە یەکەمین کۆنگرەشیەوە (10-12 ئۆکتۆبەر 2006) دامەزرانەوەی کۆماری کوردستانی کردووەتە دروشم و ئامانجی سەرەکیی خۆی.

سڵاو لە پێشەوای شەهید لە 108 هەمین ساڵی لە دایکبوونیدا بژی خەبات لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا

کۆمیتەی ناوەندیی
پارتی ئازادیی کوردستان
12/گوڵانی/ 2708
1/ مای/ 2008





نووسین و لێکۆڵینەوە:
هێما سۆفی سەلیم

## وشەی کوردستان

بەشی دووهەم

هەرێمی چیا لەلایان یوونانییەکانەوە پێی دەگوترا میدیا ( میدیاکان ) و دوواتر نووسەرە عەرەبەکانیش بۆ ئەوەی لە گەڵ عێراقی عەرەب لێیان تێک نەچێت، پێیان وتووە "عێراقی عەجەم". لە سەدەی یازدەشەوە وشەی "ارض الاکراد" لەسەر نەخشەیەک بەناوی جیهانی تورک بەدی کرا.( ئەو نەخشەیە لە نێو کتێبێک دایە بە ناوی "لغات الترک" کە "مەحموود ئەلغەشقەری" دووای چوونی بۆ بەغدا لە ساڵی 1066ی زایینی نووسی و لە ساڵی 1076ی زایینیدا بڵاوی کردۆتەوە. بە پێی توێژینەوە و بەڵگەکان لەو نەخشەیە کۆنتر نییە کە وشە و هەرێمی کوردستانی تێدا هاتبێت.)

مارکۆپۆلۆ جیهانگەردی بەناوبانگی ئیتالیایی لە گەشتەکەی خۆیدا (1254- 1324 . ز) چەند دێڕێکی لە سەر پێکهاتەی مەملەکەتی فارس نووسیوە و دەڵێ: فارس کە وڵاتێکی مەزنە لە رووی ئیدارییەوە لە 8 ویلایەت پێکهاتووە: 1- قەزوین 2- کوردستان 3- باشوور 4- باکوور 5 – ئیسفەهان 6- سیواس ( شیراز) 7- سوانکارە 8- تیموکاینە. بەڵام وێدەچێت مارکۆپۆلۆ بە هۆی دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئەو کاتی ئێران کە کوردەکان لە ژێر رکێفیدا بوون، بە وڵاتی فارسی زانیوە و تەنانەت رەنگە مەبەستیشی لە کوردستان، سۆسیانی کۆن ( خوزستان) بێت نەک رۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵکەوتوو لە رۆژئاوای ئێران، چۆن لە 8 ویلایەتەکەدا ناوی باشووری هێناوە؟!

حەمدوڵڵای مستەوفی لە کتێبەکەی خۆی دا بە ناوی "نزهە ئەلقلوب" باسی لە ویلایەتی کوردستان کردووە، هەڵبەت بە پێی بەڵگەکان، ئەو دووای مارکۆپۆلۆ ئەو کارەی کردووە.

لێرە دا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگ و سەرنج راکێش بکەم :

1- کوردستان بە گشتی ساڵ بە ساڵ و سەدە بە سەدە لە رووی جوغرافی و ئەتنیکییەوە تووشی ئاڵوگۆڕ و ئاڵۆزی بووە ( مەبەست داگیرکەرانی کوردستان و وڵاتانی بێگانەیە کە بە کەیفی خۆیان و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا کوردستانیان لەت- لەت و دابەش کردووە، و تەنانەت بیریان لە سڕینەوەی نەتەوەی کوردیش کردوەتەوە و بە پێی توانای خۆیان هەوڵیشیان بۆ داوە.)

2- زۆر جاردەبینین کە کوردناسان، تەنانەت نووسەرە کوردەکانیش کەمتر وشەی کوردستانیان بەکار هێناوە، هەر وتوویانە "کورد" – "کوردەکان" – "اکراد"- "خەلکانی ئەقلیم ئەلجیبال و... هتد" ، کە ئەوە خۆی دەبێتە هۆی سڕینەوەی وڵات، نیشتمان و زێدێک بە ناوی کوردستان کە ساڵەهای ساڵە بە پێی مێژوو و ئاسەوارەکان کورد لە سەر خاکەکەی دەژی. بۆیەش بەکار هێنانی وشەی "کوردستان" زۆر گرینگە، چون کوردستان پێناسەی نەتەوەیەکی 40-45 ملیۆنییە .

بەهەر حاڵ کوردستان بە گشتی و بە پێی سنووری سیاسی و ئەتنیکی بەتایبەتی، دووای شەرە کۆستکەوتووەکەی چاڵدیران (1514 ز) لە نێوان ئیمپراتووریی سەفەوی و عوسمانی دا، بە تەواوی تووشی شپرزەیی و ئاڵۆزی بووە. ئەو شەڕە بۆ کوردستان ئەوەندە کوشەندەو مەترسیدار بوو کە بە جارێ یەکێتیی خاکی کوردستانی تێکدا؛ بە جۆرێ کە دووای تێپەڕبوونی 5 سەدە، نەک هەر نەتوانراوە شوێنەوار و ئاسەوارە خراپ و ماڵوێرانکەرەکەی چارە سەر بکرێ، بەڵکوو دووای شەڕی یەکەمی جیهانی، قوولتر بۆتەوەوە. بەتایبەت دووای ئەوەیکە ترکیا (میراتگری ئیمپراتووریی عوسمانی) و عێراق، وەکوو دەوڵەتی تازە دروست بوون (1921 ز)، بە لکاندنی ویلایەتەکانی موسڵ و ناوچەکانی تر دەسکاریی سنووری رۆژاوای کوردستانیان کرد...

سەرچاوەکان لە "بۆ کوردستان"دا پارێزراون.

## PAK تاوانی کوشتنی کاوە عەزیزپوور مەحکووم دەکا

رۆژی هەینی 27 گوڵانی 2708، "کاوە عەزیزپوور" زیندانیی سیاسی، لە ئاکامی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی لە زیندانی بەرێوەبەرایەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دیتبووی، کۆچی دووایی کرد."

پارتی ئازادیی کوردستان، لە راگەیەندراوێکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ناوبراو بە هۆی ئەوەی بە ئەشکەنجەی ئاسایی نەچووە بن باری ئەو تۆمەتانەی وەپاڵی درابوون،" لە لایەن جەلادەکانی رێژیمەوە کارەبا لە مێشکی دەدرێ و لە ئاکامدا، گیانبەخت دەکا.

لە بەشێک لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە:"تاوانی کوشتنی کاوە عەزیزپوور، بەهەڵکەوت و کتوپڕ نییە. ئەم تاوانە درێژەی جینایەتەکانی 3 دەیەی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کوردە. دووپاتکردنەوەی کوشتنی شوانە سەیدقادر و برایم لوتفوڵڵایی/ یە، کە بەتاوانی کورد بوون و پێداگرتن لەسەری، مەرگیان بەسەردا سەپا."

پارتی ئازادیی کوردستان وێڕای پرسە و سەرەخۆشی لە کەس و کاری کاوە عەزیزپوور،" داوا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ دەکا، لە حاست تاوانەکانی رێژیمی تاران دەرحەق بە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بێدەنگ نەبن و هەڵوێستی لێبراوانە بگرن و هەنگاوی بەکردەوە هەڵبگرنەوە."



## "بۆ کوردستان" وەهمی کراك ئاشکرا دەکا









بۆ چەند ساڵێک دەچێ کە مادەیەیەکی هۆشبەر کە بە کراک ناسراوە، بە شێوەیەکی گوماناوی و بە خێرا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بڵاو دەبێتەوە و وەکوو شێرپەنجەیەکی کۆمەڵایەتیی مەترسیدار بۆتە هۆی مەرگی هەزاران کەس لە خەڵک و بەتایبەتی لاوانی کۆمەڵگا.

دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی دەستەیەک لە پسپۆڕانی کیمیا، دەریخستووە کە ئەوەی لە کوردستان و ئێراندا بڵاو دەکرێتەوە، کراک نییە و تێکەڵاوییەکە لە هێرۆئین و چەند مادەیەکی کوشندە کە باکتریی رزانی لەش لە جەستەی بەکارهێنەرانیدا بەرهەم دێنێ.

(محەممەد. ک) لە شاری سنە، تایبەت بە بۆ کوردستان" سەبارەت بە "کراک" دەڵێ: " کراک لە کۆکائین دروست دەبێ و کێشەی هەناسە، لاوازبوونی لەش لەبەرانبەر نەخۆشی، بێ خەوی، لاوازیی جنسی، دابەزینی کێشی لەش و ... تادی لێ دەکەوێتەوە بەڵام، رزانی لەش و مەرگی خێرای لێناکەوێتەوە. بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە ئەنجاممان داوە، ئەوەی لە ئێراندا بڵاو دەبێتەوە، بە دڵنیاییەوە کراک نییە و تەرکیباتێکی کیمیایی نوێیە کە تێکەڵ بە هێروئین دەکرێ."

ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ:"کراک، مادەیەکی هۆشبەرە کە زۆرتر لە ئوروپا و ئەمریکا بەکار دەهێنرێ. بەڵام ئەم چەند جۆرەی ئێمە لە شارەکانی قورووە، سنە و کامیاران دەستمان خستووە و تاقیمان کردۆتەوە لەو جۆرە نییە کە لە وڵاتانی دیکەی جیهان بەکاردەهێنرێ و بە پێی پێناسەی زانستی بە "کراک" دەژمێردرێ. ئەم شتەی لێرە بە کراکی دەناسێنن، تێکەڵاوێکە لە "سید لیزرژیک"، "ئامفتامین"،"ئکستاسی"، جۆرە ئەسیدێکی کوشندە کە بۆمان دەرنەکەوت چییە و بڕێک هێرۆئینی پیتێنراو."

ناوبراو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بڵاوبوونەوەی ئەم مادەیەدا بە تاوانبار دەزانێ و دەڵێ:' ئێمە ناتوانین بە بێ بەڵگە بیسەلمێنین کە خۆدی رێژیم ئەم مادەیە دروست و بڵاو دەکاتەوە بەڵام، لە بەر ئەوەی پێش لە بڵاوبوونەوەی ناگرێ، بەدڵنیاییەوە تاوانباری سەرەکییە. ئەمان (کاربەدەستانی رێژیم) هەموو دەزانن ئەمە کراک نییە و پێم سەیرە بۆ بەو ناوەوە ناوی دەبەن."

هەروەها، ناوبراو رادەگەیەنێ کە:" نابێ دەوڵەت وەکوو مادەهۆشبەرەکان مامڵە لەگەڵ ئەم مادە مەترسیدارەدا بکا و ئەمە جۆرە دەرمانێکە بۆ کوشتنی بەئەنقەستی ئینسانەکان. لە جۆرێک لەم مادەیەدا، ئێمە "ئامفتامین" و "ئکستاسی"مان دۆزیوەتەوە کە لەپاش چەند جار کێشانی، ئینسان لە پێ دەردێنێ."

ئەو پسپۆڕە کوردە، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ئەم مادەیە دەڵێ: " لە لایەکەوە هاوشێوەی نەخۆشیی ئایدز، گلۆبوولی سپیی خوێن و دەزگای بەرگریی لەش لاواز دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە هەر هەمان باکتریی لە لەشی ئینسانی زیندوودا دروست دەکا کە لە لەشی مردووەکاندا دروست دەبێ و کاری رزاندن (تجزیە)ی لەش دەکا و کرمی رزاندنی لێدەکەوێتەوە."



پێشمەرگەیەک لە شاخەوە
ماڵپەڕی لاوان